# ثورة آرارات ودور القوى الإقليمية في انهيار الثورة

اديبة محمد خضر
جامعة صلاح الدين / كلية الآداب، قسم التاريخ - طالب ماجستير
khudur@su.edu.krd
أ.د.عثمان أحمد محمد علي
جامعة صلاح الدين، كلية الآداب
Othman.Muhammed@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** كورد ، ارارات ، خويبون ، طاشناق ، تركيا ، ايران .الاتحاد السوفيتي

**كيفية اقتباس البحث**

خضر ، اديبة محمد , عثمان أحمد محمد علي , ثورة آرارات ودور القوى الإقليمية في انهيار الثورة, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# The Ararat Revolution and the role of regional powers in the collapse of a revolution

Adiba Mohammed Khader
Salahuddin University, Faculty of Arts, Department of History - Master's student
khudur@su.edu.krd

Dr. Osman Ahmed Mohammed Ali
Salahuddin University, Faculty of Arts
Othman.Muhammed@su.edu.krd

**Keywords** : Kurds, Ararat, Khoybun, Dashnak, Türkiye, Iran, Turkey , USSR

**How To Cite This Article**
Khader , Adiba Mohammed , Osman Ahmed Mohammed Ali , The Ararat Revolution and the role of regional powers in the collapse of a revolution ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
the aim of this paper is to explore the regional factors which had caused the fall of the Ararat Revolution during the years 1927-1930. Numerous scholars have addressed this revolution, but the problem is that they tend to be wide in scope and the causes of the fall of the revolution has been dealt with in passing manner .Although the regional factors as causes for

the fall of this revolution, it has been hitherto unexplained by the writers in the field. The main finding of this paper is that Mustafa Kemal's skillful diplomacy and positive relations with both USSR and Reza Shah of Iran were the reason for the fall of the Ararat revolution. The methodology utilized in this research is ,to a large extent , a critical discourse analysis and the data is presented in a chronological order. The Ararat Revolt is a good example of this reality.

In preparing this research, we relied on primary sources such as documents from the Kurdish movement and documents from the Turkish, Iranian, and Soviet governments. In the first section, we briefly discuss the geographical features of Dersim region and survey of development of Kurdish cuase revolutions in northern Kurdistan prior to the Ararat Movement . In the second, we discuss the nature of bilateral ties between Turkey and Iran. In the third section, we discuss the Soviet factor in the fall the Ararat revolution.

.As with any scholarly endeavor, this study faces its challenges, the most important of which is the lack of access to some specific Armenian documents in Yerevan, particularly those related to the activities of Khoybun, the Dashnak, and the Armenian Soviet Republic.

ملخص

يبدو أن ثورة آرارات) ١٩٢٧-١٩٣٠) كانت لها أبعاد دولية وإقليمية عديدة، ولكن في هذه الدراسة، سنناقش آثار ثورة آرارات، بقيادة منظمة خويبون، على العلاقات بين تركيا وإيران . تجدر الإشارة إلى أن الثورة خلقت في البداية أزمة حادة بين البلدين .اعتقدت الحكومة التركية في البداية أن الحكومة الإيرانية تساعد اللثوار الكورد، مما أدى إلى أزمة في العلاقات الثنائية. ومع ذلك، في النهاية، اضطرت الدولتان إلى الانتقال من الصراع والتهديدات إلى التعاون لقمع الثورة.ثورة آرارات مثال جيد على التعاون الإقليمي ضد الكورد والذي كانت سمة مميزة للثورات الكوردية في القرن الماضي. المنهج المستخدم في هذا البحث هو التحليل السياسي، وخاصةً تحليل النصوص. نتبع منهجًا زمنيًا في سرد الأحداث وتحليلها. اعتمدنا في إعداد هذا البحث على مصادر أولية، مثل وثائق الحركة الكوردية ووثائق من الحكومات التركية والإيرانية والسوفيتية ووثائق خويبون وداشناق . نناقش بإيجاز في المقدمة جغرافية ارارات والحركات الكوردية قبل ثورة آرارات .نتناول في ارارات في القسم الأول من الدراسة’طبيعة العلاقات التركية الإيرانية والعوامل التي أثرت في تحول هذه العلاقة من أزمة إلى تعاون، مما حسم مصير الثورة. وفي القسم الثاني نناقش الضغط الدبلوماسي والتهديد من قبل تركيا على ايران لاجبارها للتعاون معها في اخماد الثورة. ان العلاقات الوطيدة بين الاتحاد السوفيتي



**Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6**
**(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)**

وحكومة مصطفى كمال وتأثيره السلبي على ثورة ارارات ستكون موضوع البحث في القسم الثالث. ونتبع ذلك بتحليل واستنتاجات وتوصيات الدراسة.
سبب اختيارنا للكتابة عن هذا الجانب من ثورة آرارات هو أن المؤلفين الذين تناولوا هذا الموضوع يميلون إلى التعميم، ولم يناقش أي منهم القضية في سياق العلاقات بين تركيا والقوى الإقليمية.
كما هو الحال مع أي مسعى علمي، تواجه هذه الدراسة تحدياتها، وأهمها عدم توفر بعض الوثائق الأرمنية المحددة في يريفان، وخاصة تلك المتعلقة بأنشطة خويبون، والطاشناق، وجمهورية أرمينيا السوفيتية.

## شۆڕشی ئارارات و ڕۆڵی زلهێزە ناوچەییەکان لە ڕووخانی شۆڕشەکەدا (١٩٢٧ ـ ١٩٣٠)

ادیبة محمد خضر
جامعة صلاح الدين / كلية الاداب ،قسم التاريخ -طالبة ماجستير
Adeeba.khudur@su.edu.krd
ا.د.عثمان احمد محمد على
جامعة صلاح الدين ، كلية الاداب
Othman.Muhammed@su.edu.krd

پوختە:
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە و فاکتەرە ناوچەییەی کە بووەتە هۆی ڕووخانی شۆڕشی ئارارات لە ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ .ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران باسیان لەم شۆڕشە کردووە، بەڵام بە بۆچونی ئێمە ڕەهەندی دەرەکی بەتایبەتیش ناوچەیی وەکو پێویست بایەخ و شیکردنەوە سەبارەت بە روخانی شۆڕشەکە. دۆزینەوەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە دیپلۆماسیەتی لێهاتوو و پەیوەندی ئەرێنی مستەفا کەمال لەگەڵ هەردوو یەکێتی سۆڤیەت و ڕەزاشای ئێران هۆکاری گرنگی ڕووخانی شۆڕشی ئارارات بوون. ئەو میتۆدۆلۆژیایەی کە لەم لێکۆڵینەوەیدا بەکارهاتووە تا ڕادەیەکی زۆر شیکارییەکی گوتاری ڕەخنەییە و داتاکان بە شێوازی کرۆلۆنۆلۆژی خراوەتەڕوو.
**کلیلە ووشە: تورکیا، خویبون، دەشناک، عیراق، ئێران، ئارارت، کورد-سوفییت**

پێشەکی
دوای ئەوەی بەهۆی ئینکاری مستەفا کەمال لە مافی نەتەوەیی کورد، و نوسینی دەستووری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٤ کە دوا لاپەڕە بوو لە پەیوەندی بزووتنەوەی کەمالست لەگەڵ گەلی کورد، لە باکور (کوردستان- تورکیا) چەندین شۆڕشی سەربازی لەوانەشە شۆڕشی کۆچگیری، لە ساڵی ١٩٢١د، لە و سەرهەڵدانی شێخ سەعید 1925. ئەمەش پاڵنەرێک بوو بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئارارات لە ساڵی 1927 کاتێک شۆڕشگێڕانی کورد، کە لەلایەن خویبون ڕێکخرابوو، دەستیان بەسەر چیای ئارارات و ناوچەکانی دەوروبەری لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا گرت، حکومەتێکی سەربەخۆی کوردییان ڕاگەیاند. کۆماری تورکیا، شۆڕشەکەی وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی خۆی سەیر دەکرد و زنجیرەیەک هەڵمەتی سەربازیی بۆ لەناوبردنی دەستپێکرد. دوای دوو هێرشی سەربازی

شکستخواردوو، حکومەتی تورکیا پلانی هێرشێکی بەرفراوانی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠ دانا وە لەکۆتایی ئەو ساڵە کۆتایی بەڕاپەڕینەکە هێنا. ئەم شۆڕشە بووە جێی بایەخی زۆرێک لە توێژەران بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیان بۆ هوکارو دەرئەنجامەکانیدا کردوە. لێکۆڵینەوەکەمان هەوڵێکە بۆ چارسەرکردنی کاریگەرییەکانی هۆکارە ناوچەییەکان، بە تایبەتیش ئێران و یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتاییهێنان بە شۆڕشەکە.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

چەندین تویزینەوە و تێزی ئەکادیمی لەسەر خویبون و ڕاپەڕینی ئارارات هەن بۆ نمونە (روهات آلاکوم1999: کونی رەش ٢٠٠٠، Gorgas, 2007. Şimşir ,2009 Ulugana, 2022.) بەڵام هیچ کامیان بە وردی باسیان لە ڕەهەندی ناوچەیی نەکردوە. هەروەها ئەم توێژینەوانە بە گشتی وبەگویرەی پێویست پشت بەڵگەنامەکانی حکومەتی تورکیا، خویبون، یا دەشناک نابەستن. جگە لەوەش ڕاپورتی ئۆلگان (کە بە زمانی فەرەنسی نوسراوە) کە توێژەرانی کورد بە ڕادەی پێویست سوودیان لێ وەرنەگرتوە. هەروەها تێزی دکتۆرا کە لەلایەن (چارڵز و لیدزەوە) نوسراوە، کە توێژینەوەیەکی دەوڵەمەندە و سوودی لە ئەرشیفی زۆرێک لە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەرگرتووە، بەڵام لەلایەن توێژەران وەکو پێویست بەکارنەهاتوە. بەڵام پێدەچێت دوو لێکۆڵینەوەکە کە ئاماژەمان پێکرد تێروانینی فەرمی حکومەتی فەرەنسا سەبارەت بە ڕاپەڕینی ئارارات دەخاتەڕوو.

توێژینەوە ئەکادیمییەکان لە تورکیا بە گشتی هەوڵیان داوە پابەندبن بە تێروانینی حکومەتەوە و بە شێوەیەکی لایەنگریانە بەڵگەنامانە بقۆزنەوە. ئەدەبیاتی فارسی لەسەر ڕاپەڕینی ئارارات دەوڵەمەندە و لەلایەن توێژەرانی کورد بەکارنەهێنراوە.

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەک کە لە توێژینەوەکانی تر بەدی دەکرێ بۆ ڕەهەندە ناوچەییەکانی شۆڕشی ئارارات. جگە لەوەش، لەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵمان داوە سوود لە ئەرشیفەکانی حکومەتی تورکیا و ئەرشیفی خۆیبون و ئەرشیفی حزبی ناسیۆنالیستی ئەرمەنی (دەشناک) کە بە شێوەیەکی پێویست سوودی لێ وەرنەگیراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

بەو پێیەی کە هەڵکەوتەی جوگرافی و سروشتی ناوچەی ئاگری کاریگەری لەسەر سەرهەڵدان و شکستی شۆڕشەکە هەبووە، لەم لێکۆڵینەوە وەکو پێشەکیەک بە کورتی باسی هەندێک لە لایەنە جوگرافی ئەو ناوچەیە دەکەین. هەروەها شۆڕشی ئاراراتی ساڵی ١٩٢٧-١٩٣٠ درێژکراوەی شۆڕشەکانی پێشووی باکور بوو، بۆیە بەکورتی پێداچوونەوە بە بەشێک لە ڕووداوە مێژووییەکانی باکووری کوردستان پێش ڕووداوەکانی ئارارات وەک دەروازەیەک باس دەکەین. لە تە وەرەی یە کەمدا باسی سروشتی پەیوەندی نێوان مستەفا کەمال و ڕەزا شا دەکەین. وە لە تە وە ری دووەمدا باس لە دیپلۆماسی و فشارە سیاسییە چڕەکان دەکەین کەتورکیا لە سەر ئێران گرتیەبەر. هەروەها لە تەوەری سییە مدا تیشک دەخەینە سەر هەڵوێستی نەرێنی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە شۆڕشی ئارارات. لە کۆتاییدا هەوڵ دەدەین بۆ شیکردنەوەی ئەوەی کە ئێران و یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە سەرهەڵدەن و روخانی شۆڕشەکە.

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە سەرەتادا گومانیان لە هەڵوێستی هەردوو دەسەڵاتی بەریتانیا لە عێراق و فەرەنسا لە سوریا هەبوو سەبارەت بە ڕووداوەکانی شۆڕشی ئارارات، بەڵام نەیانتوانی هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستە بخەنە ڕوو.

بە ڵگەنامەکانی فەرەنسا پەیوەست بە دەسەڵاتدارانی مەدەنی فەرەنسی لە سوریا دەیسەلمێنن کە ئیدارەی فەرەنسا یارمەتی شۆڕشگێرانی ئاراراتی نەدەدا. (Syrie-Liban, 1946: 399PAAP/306)

ئەو توێژەرانەی کە لەم لایەنانە دەکۆڵنەوە لەو باوەڕەدان کە هەردوو دەسەڵاتدارانی فەرەنسا و بەریتانیا نەک هەر پشتگیریان لە شۆڕشگێرانی کورد نەکردووە بەڵکو تەنانەت پشتگیری ناڕاستەوخۆیان پێشکەش بە حکومەتی تورکیا کردووە بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە. (Velud, 1991:37)

بەو پێیەی دەسەڵاتدارانی فەرەنسا لە سوریا و دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە عێراق ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕووخاندنی ڕاپەڕینی ئاراراتدا نەبووە، لەم توێژینەوەیەدا باس لە ڕۆڵی ئەو دوو لایەنانە ناکەین. بەڵام ئێمە سەرنج دەخەینە سەر هەڵوێستی ئێران و یەکێتی سۆڤیەت کە کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لە پاڵپشتیکردنی حکومەتەکەی مستەفا کەمال بۆ ڕووخاندنی شۆڕشەکە.

وەک هەر هەوڵێکی ئەکادیمی ئەم توێژینەوەیە هەندێک ئالینگاری هەیە بۆ نموونە ئەرشیفی یەکێتی سۆڤیەت و بە تایبەتی ئەرشیفی کۆماری ئەرمەنی سۆڤیەت کە نەمانتوانی وەدەستی بێنین، بۆ دەوڵەمەند کردنی زیاتری ئەو بابەتە. بەڵام ئێمە بۆ پڕکرنەوەی ئەم کەلێنە سودمان لەو سەرچاوانە بینی کە سەرچاوە سۆڤیەتییەکانیان بەکارهێنابوو.

دروازە: جوگرافیا و کورتە مێژوویەکی ئارارات پێش ڕاپەڕینی ئارارات.

**جوگرافیای ئارارات:**

بە هۆی ئەوەی کە ئارارات ناوچەیاکی سەختە هاوسنورە لەگەڵ ئێران و ئەرمەنستانی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەم جوگرافیایە کاریگەریی خۆی لەسەر دەستپێکردن و ئاکامی شۆڕشەکە هەبوو. لەم بەشەدا پێویستە ئابووری، و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کە شێوازێکی خێڵەکی بوو لەم ناوچەکە ڕوون بکەینەوە، پارێزگای ئاگری بە تورکی: (ئاگری ئیلی) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی تورکیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ ئێران و لە باکوورەوە لەگەڵ پارێزگاکانی قارس، لە باکووری ڕۆژئاواوە ئەرزڕۆم، لە باشووری ڕۆژئاوا موش و بیتلیس، لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای وان.

وا دیارە ناوچەی ئارارات زیاتر ناوچەیەکی شاخاوییە لووتکەی چیای ئاراراتی گەورە بە بە رزی 5165 مەتر لە ئاستی دەریایە، لووتکەی چیای ئارارات بچوکیش بە بەرزی 3925 مە تر لە ئاستی دەریایە .لەدوای لووتکەی چیای هیمالایا لووتکەی ئارارات بە بەرزترین لووتکە لە جیهان دەناسرێ (دیرشەوي، 2016: 111 ) هەروەها لووتکەی چیاکانی سیپانی خلاتی و چیای تندورك بە بەرزی 3313 مەتر لە ئاستی دەریا بەرزە، چیای ئالاداغ بە بەرزی 3255 مەتر لە ئاستی دەریایە (کۆنێ ڕەش،2000،36).

له ڕووی کشتوکاڵی بەرهەمی گرنگی ناوچەی ئاگری بریتی بووە لە دانەوێڵە، وەك گەنم و جۆ، کە خواردنی سەرەکی مرۆڤ و ئاژەڵە، هەروەها پاقڵەمەنی بە هەموو جۆرەکانی وەك نووك، پاقله، نیسك و فاسولیا، لەگەڵ توتن (غەفور، 2008: 305-306، 310، 312 ).

چیای ئاراراتی بچوك بە بوونی ژمارەیە ك ئەشکەوتی گەورەو فراوان ناسراوە، هەر کامیان جێگەی حەوانەوەی 20 تا 100 ماڵباتی مەڕدار دەبوو. هۆزی جەلالی لە وەرزی زستان ڕانەمەڕەکانیان بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە سەرمای سەختی ناوچەکە ئەم ئەشکەوتانەیان بەکاردەهێنا. هۆزە کۆچەریە ئەرمەنیەکان، ناوچەی ئاراراتیان بە بەشێك لە ئەرمەنستان دە زانی، هەروەها حزبە ئەرمەنیەکانیش وەك داشناك هەمان بۆچونیان هەبوو، پێشیان وابووە شۆڕشی ئارارات لەسەر خاکی ئەوان کراوە و لە ئاییندە بە مەترسی لەسەر داخوازی ئەرمە نستانی گەورەییان زانیووە، وە داوای ناوچەی ئاگریشیان کردوە کە لە کۆنگرەی ئاشتی ساڵی 1919پاریس دانی پێی بنرێت.

بە کورتی ناوچەی ئاگری چەندین تایبەتمەندی هەیە کە وای لێدەکات گونجاو بێت بۆ شەڕی پارتیزانی و یاخی بوون، ئەم هەڵکەوتە جوگرافیە یارمەتیدەر بوو کە شۆڕشی ئارارات نزیکەی ٤ ساڵ بخایێنێت وە ئەگەر یارمەتی وڵاتانی دراوسێی تورکیا نەبوایە مەحاڵ بوو بەو شێوەیە کۆتایی بەو شۆڕشە بهێندرێت، وەک لە خوارەو باسی دەکەین، کە ئەمەش لە ئەدەبیاتا پێی دەوترێ نەعلەتی جوگرافیای سیاسی کوردستان، کە هەمیشە رۆڵ و کاریگەریي نەرێنی هەبووە لەسەر بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بەتایبەتیش لە دەسپێکی سەدەی بیست تاوەکو ئەمڕۆ.

**بارۆدوخی کورد لە باکور پێش دەستپێکردن بزووتنەوەی ئارارات:**

هەرچەندە لە دوای شەری جیهانی یەکەم رۆشنبیرانی کورد چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی، ڕۆشنبیرانی و کۆمەلایەتیان دامەزراند. ساڵی ١٩٢٣ گشت ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکان لە باکووری کوردستان لە (کۆمەڵەی ئازادي سەربەخۆیی کوردستان) یەکیان گرت. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لقیان کردەوە، ئەم کۆمەڵەیە پەیوەندییان بە ژمارەیێکی زۆری سەرۆك هۆز، خانەدانەکانی خاوەن زەوی، شارنشین و ئەفسەرانی کورد کرد، تا ئامادە یی بۆ شۆڕشێکی سەرانسەری لە کوردستان بکەن دژی دەسەلاتی خۆسەپێنی مستەفا کە مال [1] (احمد، 2001، 49-50 ) ئەمە یەکەمین هەوڵبوو بۆ یەکخستنی ماڵی کورد، بێ شك ڕێخۆشکەر بوو بۆ بەدەرکەوتنی کۆمەڵەی خۆیبوون لە ساڵی 1927 و ڕێکخستنی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد لە مەیدانی سیاسی و نێو دەوڵەتی.

دانووستانەکانی ڕێکەوتننامەی لوزان لە ساڵی 1922 تا ڕێکەوتی 24/7/1923 لە نێوان بە شداربوان درێژەی کێشا و بەمەش بە شێوەێکی کردەیی ڕێکەوتننامەی سیڤەر هەڵوەشایەوە. کورد لەو مافە کەمەی کەپێي بەخشرا بوو بە تەواوی بێ بەش کرا. تا ساڵی 1923 تورکە کەمالیستەکان ڕای ڕاستەقینەی خۆیان سەبارەت بە کورد دەشاردەوە. و لە ساڵی ١٩٢٤ سەفوە ت ئێنگین وەزیری پەروەرد، ڕاشکاوانە قوتابخانەکانی بە کارگەی تواندنەوەی کورد و عەرە ب لە نەتەوەی باڵا دەستی تورك ناساند، مانەوەیان بە شێرپەنجە بۆ سەر جەستەی نەتەوەی

توركی باڵادەست وەسف دە كات (گیسارۆڤ و ڕگووشین،2001 ؛19- 103 ) ، لە ڕێكەوتی 29/10/1924 ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی توركیا دەستووریووڵاتی پەسەند كرد، بە كارهێنانی زمانی كوردی لە شوێنە گشتییەكان بە تەواوی هەتا قسە كردنیش بەم زمانی كوردی قەدەغە كرا ، هەوڵی توانەوەی كوردیان لە ناو نەتەوەی باڵادەستی تورك دەدا (احمد ، 2001: 19 )، وەک بەرنامەیاکی دارێژراو سیاسەتی بە تورک کردنی کوردیان پەیرەو کرد و کوردیاک بە (تورکی شاخاوی) ناوزەد کرد.

لەبەر ئەوە كورد لە باكور هیچ بەدیلێكی نەبوو جگە لە ڕاپەڕین .پارتی ئازادی پلانی ڕاپەڕینی[٢] دانا، بەڵام زۆربەی سەركردەكانی زیندانی كران .تاكە سەركردەی كورد كە مابووەوە شێخ سەعید پالو بوو (بە شێخ سەعیدی پیرانیش ناسراوە -١٨٦٥–١٩٢٥) پ کە ڕابەری ڕێبازی نەقشبەندی بوو، دژایەتی سیاسەتەكانی مستەفا كەمال بۆ ڕاپەڕینەكە بەڵام پێش وادەی دیاری كراوی بەسەر شێخ سەعیدا سەپێندرا. شۆڕشگێڕان توانیان دەست بەسەر ناوچە بەرفراوانەكانی باكوردا بگرن. بەڵام بە هۆكاری جۆری و بابەتیی ڕاپەڕین سەركوت كرا (اولسن،1377 ؛144 ) هەر یەک لە دەوڵەتی بریتانیا و فەرەنسا ڕۆڵێكی خراپیان گێرا لە سەركوتكردنی ڕاپەڕینەكانی كورد. بەشێك لە شۆڕشگێڕان لەدوای نسكۆ ڕوویان كردە ڕۆژئاوای كوردستانی بن دەسەڵاتی فەرەنسا، لەوانیش مەلا حەسەن هۆشیار بوو (برویین سن،.303- 302 :1379 ).

لە دوای كۆتایی هێنان بە شۆڕش، حكومەتی كەمالیستی سیاسەتێكی سەركوتكەرانەی بە ناوی بڕیاری نێشتەجێ كردن جێبەجێ كرد، كە لە ئەنجامدا كاراساتی خوێناوی و ئاوارەبوونی سەدان كەسایەتی ناسراوی كورد و ڕووخاندنی گوندەكانیانی لێكەوتەوە. بەشێكی تریان وەك ئەفسەر ئەمین بروسك كوردی ڕوویان كردە شانشینی ئوردن و لەوێ نیشتەجێ بوون (علي، 2005؛ 151 -150 البوتاني،2004 ؛ 88 ؛ ئەبو شەقرا،2004؛.16) هەندێك لە سەركردە و خێزانە دیارەكان، و كەسایەتییەكانی وەكو كوڕانی جەمیل پاشا زادەیە و مەمدوح سەلیم بەرەو جزیرە چوون لە سووریا ڕێكخستنی خۆیبونیان پێک هێنا ( Gorgas : 2007,119-28). کوڕەکانی بەدرخان بە تایبەتی کامەران و جەلادەت و سورەیا بەدرخان بە هاوکاری ئەرمەنەکان لە سوریا ڕۆڵی پێشەنگیان لە پێکهێنانی خۆیبوندا بینی[٣].

لەو چوارچێوەیەشدا چەندین كۆمەڵەی كوردی یەكیان گرت و بوونە یەک حیزب بە ناوی خۆیبون، كە دروشمی سەربەخۆیی بەرزكردەوە. خۆیبون هاوپەیمانییەكی نزیكی لەگەڵ پارتی ناسیۆنالیستی ئەرمەنی دەشناک پێکهێنا کە دژایەتی مستەفا کەمالیان کرد و داوای سەربەخۆیی ئەرمەنستانیان لە هەردوو توركیای كەمالیستی و ڕووسیای سۆڤیەت كرد (داقووقی،2012 ؛ 165 ).

ئەم كورتە توێژینەوە مێژووییە ئەوەمان بۆ دەردەخات، كە بزووتنەوەی ئارارات درێژەپێدەری شۆڕش و بزووتنەوەكانی كوردانی باكوور بوو وەک بەرخۆدانی ناسیۆنالیستی لە دژی سیاسەتەكانی توانەوەی پێشوەختەی كە ڕژێمی كەمالیستی هەڵیانگرتووە (43-57: Ulugana,2022).

**تەوەرەی یە کە م : پەیوەندییەکانی تورکیاو حکومەتی ڕەزاشا:**

لە کاتێکدا کۆماری تورکیا وەک دەوڵەتێکی نوێ بە فەرماندەیی مستەفا کەمال هەنگاوی دامەزراوەیی دەگرت، ڕەزاخان لە ئێران کۆتایی بە دەوڵەتی قاجار هێنا و شانشینی پەهلەوی دامەزراند و لە ساڵی 1926 بوو بە شا .لەم ماوەیەدا ڕەزا شا ویستی کۆمارێکی وەک تورکیا لە ئێران دابمەزرێنێت، بەڵام بە هۆی پرەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکە، دامەزراندنی شانشینی نوێی لەلایەن ڕەزاخانەوە قبوڵ کردو و دانی پێدا نا . ڕەزا شا خواستی ڕێککەوتنێکی بەرفراوانبوو بەهۆی پێویستیی ئیدارە نوێیەکان ئێران بۆ دروستکردنی پێکهاتەی سەقامگیری سیاسەتی دەرەکی لە پێناو ئەنجامدانی چاکسازیی بنەڕەتی و بەردەوامدا سەریهەڵدا.

تورکیا بە پەیمانی لۆزان تاڕادەیەکی زۆر کێشەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا و هەندێک دەوڵەتی دراوسێی چارەسەر کردبوو و توانیبووی بگەنە ڕێککەوتن .لە کاتێکدا کە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاریی بیست و پێنج ساڵەی تورکیا لەگەڵ ڕووسیا لە ساڵی 1925 نائارامی لە ئێراندا دروست کرد، خواستی تورکیا بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی جیهان بووە هۆی ئەوەی کە لە ئێراندا مەیلی بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی ئەمنی و هاوکاری لەگەڵ تورکیادا هەبێت، ئێرانیش داوای ڕێککەوتنی لە تورکیا کرد (اولسن،47 :1377 -44 ).

ڕێککەوتنی دۆستایەتی و ئاسایشی تورکیا و ئێران لە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦دا لەسەر بنەمای ڕەوا ویەکپارچەیی خاکی یەکتری دەناسێت و پێشبینی هاودەنگی لە دژی وڵاتانی ئیمپریالیست دەکات ..لە ڕاستیدا سەبارەت بە ئاسایشی سنووری تورکیا-ئێران، پەیماننامەیەک ناسراو بە (پەیمانی ئاسایش و خۆڕاگری تورکیا-ئێران) ئەم پەیماننامەی دۆستایەتی و ئاسایشی تورکیا-ئێران نزیکەی مانگێک پێش شۆڕشی ئاگری (Olson, 1998:32-36 ) لە تاران لە نێوان تورکیا و ئێران واژۆ کرا، کە بریتی بوو لە" پابەندبوون بە بێلایەنی، دەستدرێژی نەکردن و یەکدەنگی سیاسی لە ئەگەری هەر هێرشێکدا ."لە مادەی پێنجەم و شەشەمی پەیماننامەی ئاماژەپێکراودا کە بەرپرسیارێتیی بەسەر هەردوو وڵاتدا سەپاندووە بەرامبەر بە چالاکییە نایاساییەکانی هۆزە کوردەکان لەسەر سنووری ئەو دوو وڵاتە. مادەی پێنجەم بەم شێوەیە ڕێکخرابوو: هەردوو لایەن بەڵێن دەدەن کە لە چوارچێوەی سنووری خۆیاندا قەدغەکردنی دامەزراندنی یان شوێنی نیشتەجێبوونی هەر ڕێکخراوێک یان گرووپێک کە ئامانجی تێکدانی ئاسایش وڵاتەکەی تربێت یان تێپەڕاندنی هەر تاکێک یان گرووپێک بێت کە ئامانجیان ئەنجامدانی پروپاگەندە یان بەرەنگاربوونەوەی وڵاتی بەرامبەر بە هەر ڕێگەیەکی تر. مادەی شەشەم لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست دەگرنەبەر بۆ کۆتاییهێنان بەو چالاکی و ڕێکخستنانەی کە دەبنە هۆکاری نائارامی و نائاسایشی ئەو دوو وڵاتە، کە لەلایەن ئەو هۆزەانەی کە نیشتەجێی سەر سنووری ئەو دوو دەوڵەتەن.(Olson, 1998:37)

ئەوەی کە پاڵی بە ڕەزا شا وەنا داوای ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا بکات لەو کاتەدا سیاسەتی گشتی ناوخۆیی و دەرەوەی ئێران بوو. شایانی باسە ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و ڕوسیای سۆڤیەت لە ساڵی1925 گومانی لە لایەنی ئێرانی درووستکە ئەو هاوپەیمانییە لەدژی ئەوە،

بەپێویستی دەزانێت ڕێککەوتنێکی ئەمنی لەگەڵ تورکیا بکرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسییە. ئێران کێشەی گەورەی ماددی و سەربازیی چارەسەرنەکراوی لەگەڵ ڕووسیای سۆڤیەت هەبوو و دراوسێی باکووری وڵاتەکەی هاوشانی بەریتانیا لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا پێگەیەکی گرنگی هەیە .پرسێکی دیکەی گرنگ لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران، دۆخی تورکە ئازەربایجانییەکانە کە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆیان ماوەتەوە و کێشەیەکی زۆر گرنگ بۆ ئێران پێکدەهێنێت. (Akif Bal, 2022:12-13 ) ئازەربایجانی ئێران کە زۆرێک لە هاووڵاتیانی دانیشتووی کۆماری تورکیا لە ڕێگەی پەیوەندی مێژووییەوە بەیەکەوە گرێدراون، هەرێمێکە کە ئێران بە هۆکاری مێژوویی بە خاکی خۆی دەزانێت . ترسی ڕاپەڕینێکی ئازەربایجان-تورک بە پشتیوانی تورکیا بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یەکێک لە گەورەترین کابوسەکانی دەسەڵاتدارەکانی ئێرانە. جگە لەوەش بەهۆی ئەم دۆخەوەی کە ئێران پێی ناراحەت بوو لە چالاکییەکانی ناسیۆنالیستە تورکەکانی ئازەربایجانی کە لە تورکیا دەژین بەرەو باشووری ئازەربایجان. کێشەیەکی دیکە بۆ ئێران داخستنی بازرگانی سنووری تورکیا بە هۆکاری جۆراوجۆر و گلەیی هاووڵاتیانی ئێرانی لە تورکیا. (Celal,2021:32) شۆڕشی ئارارات لە سەرەتادا قەیرانێکی لە پەیوەندییەکانی کەمالیستی تورکیا و حکومەتی ڕەزاشادا دروستکرد. دەوڵەتی تورکیا قەناعەتی بەوە هەبوو کە ئێران لە ڕێگەی جموجۆڵی ئەندامانی داشناك[٤] لە ورمێ پاڵپشتی شۆڕشگێڕانی ئارارات دەکات و چاوی پۆشیوە لە جموجۆڵی عەشیرەتە کوردەکانی ناو سنوورەکانی ئێران کە پشتیوانی لە شۆڕشگێڕانی کوردیان دەکرد. شایانی باسە کە هەمیشە ناکۆکی مێژوویی لە نێوان ئێران و تورکیا هەبوە سەبارەت با دیاریکردنی سنوورەکانی نێوانیان. نووسەرانی لایەنگری تورکیا شۆڕشی ئارارات وەک پیلانێکی نەتەوەیی لە دژی کۆماری کەمالیستی تورکیا دەبینی ئەوان دەڵێن ئینگلیزەکان ئامێری چاپ و ئامرازی پەیوەندی بێ تەلیان ناردووە بۆ یارمەتیدانی لۆجستی و هەروەها دەڵێن بەشدار یان کردوە بووە (F.O, 424/273:.52–54, N) چونکە شۆڕشگێرانی ئارارات بانگەشەی بیرۆکەی پان ئێرانیزمیان کردووە و دواتر ئیحسان نوری پاشا کە سەرکردایەتی شۆڕشی اراراتی کرد، لە ساڵی ١٩٥٥ کتێبێکی نووسیوە کە تێیدا ئیدعای کردووە کە کورد و فارس خاوەنی هەمان پاشخانی نەتەوەیین ( Bozdağ, 2009 :-99 100 ).

لە ساڵی ١٩٢٧ تا ١٩٣٠ لە سەرەتادا کوردەکانی تورکیا لە ناوچەی ئارارات لە دژی یاخی بوون حکومەتی ئەو وڵاتە بوون. بەڵام دواتر ئامانجی ئەم ڕاپەڕینە گۆڕا بە سەربەخۆیی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا. حکومەتی ئێران سەرەتا پشتگیری لە شۆڕشگێرانی ئارارات کرد بەهۆی کێشە سنوورەکانەوە لەگەڵ تورکیا لە ڕێگای کۆمەڵەی داشناك. کۆمەڵگەی ئەرمەنی و سەرکردەکانی داشنەک پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ڕەزاشا و وەزیرەکانیدا هەبوو، بەتایبەتی ئەبول حسێن تەیمورتاش کە وەزیری دەرباری ڕەزا شا بوو، تەنانەت بەبێ ئاگاداری ڕەزاشاش پشتیوانی شۆرشگێرانی ئەراراتیان دەکرد (شرفکندی، 1363، 146 - 147).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

بەڵام توێژەری ئێرانی نادر ئینتیسار باس لە وە دەکات ، پشتیوانییەکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن ڕەزا شاوە بۆ شۆڕشەکە هەبووە .(Entessar, 1992: 85) لە سەرەتادا ڕەزا شا چاوپۆشی کردوە لە جموجۆڵی شۆڕشگێرانی کورد وە دژی داواکاري جەنەڕاڵەکانی خۆی بوو بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێران لە سنووری ئێران- تورکیا
.(Arfa ,1965 :-107 )

پێدەچێت ڕەزاشا لەو هەڵوێستەی سەبارەت بە چاوپۆشی کردن لە بزووتنەوە کوردەکانی دژ بە تورکیا لەژێر کاریگەریی ئەرمەنەکاندا یان پڕوپاگەندەی هەندێک لە داکۆکیکارانی پان ئێرانیزم بووبێت، بۆیە°.

حکومەتی ئێران تاوەکو 1930 زۆر بە جدی باسی لە ئەگەری شەڕی لەگەڵ تورکیا کردووە (روزنامە اطلاعات1309). ئەمیر ئەحمەدی (جەنراڵێکی ڕەزا شاە) لە یاداشتی خۆی نوسیویەتی، ڕەزا شا ئاگاداربوو لە شۆڕشی ئارارات بەس ئامادەنەبوو لە سەرەتادا دژی شۆڕشگێرانی کورد کار بکات (احمد 1388, 1304: تا.(1320 )

وەکو دیارە هەڵوێستی ڕەزا شا دەربارەی شۆڕشی ئارارات جێگیر نەبوو. ئەمەش بۆ زۆر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی دەگەڕێتەوە کە ئێران لە سەردەمی بزووتنەوەی ئاراراتدا دوچاری بوو وەک هەڕەشە لە سەر یەکپارچەی خاکی لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت و تورکیاوە، نەبوونی پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ شۆڕشی ئارارات،وتەرکیزی حکومەتی پەهلەوی بە چاکسازییە ناوخۆییەکان، دواجار ڕووی لە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی تورکیا لە سەرکوتکردنی شۆڕشی ئارارات و قبوڵکردنی ڕێککەوتننامەی سنووری کە لە ساڵی ١٩٣٢ی زایینی واژۆکرابوو (رحیم پاکزاد 2022؛65 )

لەم بارەیەوە نووسەریکی تورک لە ڕۆژنامەی جمهوریەت نووسرابوو:

شۆڕشی ئاگری کە بە سێ قۆناغ لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦ بۆ ١٩٣٠ پەرەی سەند، نائارامی، هەروەها چاوەڕوانی هۆزە کوردە یاخیبووەکان بەو هیوایەی کە ئێران پشتیوانیان لێ دەکات بووەتە هۆی زیادبوونی گرژی و دواجار قەیرانی نێوان تورکیا و ئێران نەک هەر ئەو پشتیوانییەی کە لە ئێران چاوەڕێیان دەکرد سەبارەت بە چالاکییەکانیان وەرنەگرت؛ بگرە دژی یاخیبووان وەستایاوە، تورکیا تا ساڵانی ١٩٣٠ سنووری تورکیا و ئێران لە لایەن عەشیرەتە کوردەکانەوە تووشی کردەوەی سەربازی بوو، لە کاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا شۆڕشگێڕان چیای ئاراراتی بچووکیان کۆنترۆڵکرد کە لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندا بوو . ئەم شۆڕشە جارێکی دیکە ناکۆکییە سنوورییەکانی نێوان ئێران و تورکیای هەڵگیرساند، کە سەرەڕای هەوڵەکانیان بۆ چارەسەرکردنی لە بڕیارنامەکانی ئیستەنبوڵ ساڵی ١٩١٣دا هەبوون، شایانی باسە هەر جوڵەیەکی کورد لەسەر سنووری نێوان دوو وڵات، کە لەلایەن هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی سنووری نێوان تورکیا و ئێرانەوە ئەنجام دەدرا، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە هەبووە. لەو ماوەیەدا تورکیا هەوڵیدا ئەم دۆخە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئێران بکێشێتە سەر مێزی دانوستان بۆ چارەسەرکردنی پرسی دیاریکردنی سنووری نێوانیان. (Şener, 2012: 385).

لەو بەشەی شاخی ئارارات بچووک، کە لە سنوورەکانی ئێراندا مابووەوە، گرێی بەستبوو . چونکە، شاخی ئاراراتی بچووک، دوای ئەوەی یاخیبووان چالاکییەکیان لە تورکیا ئەنجامدا، بە ئاسانی توانیاک سنوورەکە ببڕن و خۆیان بە سەلامەتی دەربچن.. لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی شاخاوی بوو هەروەها ئێران ئەو کاتە لاواز سەبارەت بە پاراستنی ئەو سنوورە شۆڕشگێڕان دەستیان بەسەرداگرت ، پرۆتۆکۆڵی ئەستەنبوڵ لە ساڵی ١٩١٣ لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ئەوەی کە پەرلەمان پەسەندکردنی نەکرد، تورکیای خستە دۆخێکی سەخت هەم سەبارەت بە یاخیبووان و هەم دووبارە نوێ بوونەوەی پرسی سنوور کە دەبێ هەردوو چارەسەری بکەن. لەم چوارچێوەیەدا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٩حکومەتی تورکیا دەیویست بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کۆتایی بە شۆڕشی ئاگری بهێنن و هەروەها تورکیا-ئێران دابمەزرێنن بە ئامانجی ڕاکێشانی ئێران بۆ سەر مێزی دانوستان بۆ ئەوەی بەوردی سنوورەکەی دیاری بکات ستراتیژی دیپلۆماسی زۆرەملێیان دروست کرد و جێبەجێیان کرد (Şener, 2000: 87).

بەڵام پەیوەندی نێوان ڕەزاشا و مستەفا کەمال زۆر دۆستانە بوو و هەردوو وڵات هۆکاریان هەبوو بۆ ئەوەی ناکۆکییە سنوورییەکانیان لە چوارچێوەی پەیماننامەیەکی دۆستانەو هاوکاری ئەمنیدا یەکلایی بکەنەوە، کۆدەنگیەک لە نێوان توێژەراندا هەیە، کە پەیوەندی نێوان ئەو دوو سەرکردەیە پەیوەندی دۆستایەتی و سەرسامی بووە، بەتایبەتی ڕەزا شا کە سەرسام بووە بە چاکسازییەکانی تورکیا بەتایبەتیش بە هەوڵەکانی بە ڕۆژئاواییکردنی مستەفا کەمال ڕەزا شا ویستی سوود لە ئەزموونی تورکیا لەو بوارەدا وەربگرێت (Elhan & Karaoğl, 2016:203-26 ).

ڕەزا شا هانی وەزیرەکانی دا کە بە پەرۆشەوە کار بکەن بۆ ئەوەی بگەنە پرۆتوکۆڵێکی لێکتێگەیشتن کە زیاد بکرێت بۆ پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری ئەمنی ساڵی ١٩٢٦ کە بەهۆی ناڕوونیەکەیەوە هەندێک ناکۆکی بە هەڵپەسێردراوی چارەسەرنەکراوی مابویەوە. (Tarazkoohi, H. S. & Jafarzadeh, M, 2012: 37-64.) ئیحسان نووری پاشا دەڵێت، هەماهەنگی و هاوکاریی تەواو لە نێوان هێزە شۆڕشگێرەکان و سەربازە ئێرانییەکان کە لەسەر سنوور جێگیر بوون هەبووە. لە یەکێک لە تێکهەڵچوونەکانی نێوان هێزەکانی ئێران و تورکیا: شۆڕشگێڕانی کورد بەپەلە بە هانای هێزە ئێرانییەکانەوە چوون. هەروەها هێزەکانی ئێران هەوڵەکانی: شۆڕشگێڕانی ئاراراتیان لە ڕاگرتنی پشێوی و لەشکرکێشی و نائارامی لە ناوچە سنوورییەکاندا بەرز نرخاند (نوری پاشا، 2001؛ 80 – 78 )

ئاڵوگۆڕی نامەی نێوان ئەو دوو سەرکردەیە ئەوە دەردەخات کە مستەفا کەمالیش سەرسامیەکی زۆری بۆ ڕەزا شا دەربڕیوە. ناوی دەنێت" برا گەورە، جەنابی شا" لەبەرامبەردا ڕەزا شا لە زۆر بۆنەدا دیاریی بۆ ناردووە. کاتێک ئەتاتورک کۆچی دوایی کرد، ڕەزاشا ماتەمینی ڕاگەیاند و دانیشتنێکی تایبەتی لە پەرلەمانی ئێران بۆ ڕێزلێنان لێی ئەنجامدا. (Cumhurbaşkanlığı Arşivleri ,1936:34-37)

**تە وە ری دووە م : دیپلۆماسی گوشاری تورکیا و هەڕەشەکان لە دژی ئێران**

سەرەڕای پەیوەندیی نزیکی ئەو دوو سەرکردەیە، گومان و بێ متمانەیی زۆر لە نێوان بەرپرسان و کارمەندانی سەربازی لە هەردوو دیوی سنوورەکەدا هەبوو، هەندێک لەو گومانانە لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە کە بەشێک لە عەشیرەتە کوردەکانی ئێران هاوکاری شۆرشگێرانی ئاراراتیان دەکرد، هەروەها لەبەر ئەوەی سروشتی سەختی ناوچە سنووریەکان وایکرد دەسەڵاتدارانی ئێرانی نەتوانن داواکاری تورکیا جێ بەجێ بکەن کەیارماتیان بدات بۆ سەرکوتکردنی شۆرشگێرانی کورد .بەشێک لە کاربەدەستانی تورکیا گەیشتن ئەو بڕوایە کە ڕێژیمی ئێران بە نهێنی پشتیوانی لە یاخیبووان کورد دەکات. لە لایەکی دیکەوە لە ساڵی ١٩٢٧دا ڕێککەوتنێکی ١٩ خاڵی لە نێوان کۆمەڵەی داشناک و خۆیبوون واژوو کرا. ئەم ڕێکەوتنە پرەنسیپەکانی نهێنی لە نێوان هەردوو ڕێکخراوەکەدا لەخۆدەگرێت، پاڵپشتی کاتیی ماڵی خۆیبوون بۆ ئەرمەنەکان و کوردەکان لە پرسەکانی ڕەوەند وەک ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن و ئەو یارمەتییە چەکداریانەی، کە دەبێ بدرێت بە خۆیبوون لە هەندێک سەرچاوەدا ئەرمەنیەکانی داشناك تۆمەتبار کرابوون بە ناردنی چەک بۆ شۆرشگێرانی ئارات لە ڕێگەی تەورێزەوە، دەبینرێت ئەو یارمەتییەی کە باسی لێوە دەکرێت لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیاشدا ئاماژەی پێ کراوە. (Şimşir, 2020:80-81)

لە ڕۆژنامەکانی تورکیا کە لە ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە دەردەچوون، وەک جمهوریەت و ئەکشام و حاکیمیەت میللی لەسەر ڕووداوەکانی شۆڕشی ئارارات ناڕەزایی ڕوونی تورکیا لە بوونی ئەوەی بە پیلانگێڕیی ئەرمەنی-کوردی-بەریتانی ناودەبرا لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا بە ئاشکرا داوایان لە دەسەڵاتدارانی تورکیا دەکرد کە ڕێوشوێنی توند بگرنەبەر بۆ کۆتاییهێنان بەو بەناو یاخیبوونەی کە ئامانجی سەرەکیان دابەشکردنی تورکیایە وەکوچۆن لەپێشتر دەوڵەتی عوسمانی دابەش کرا. گەورەترین گومان لە سەر ئێران درووست بوو، لە بەر ئەوەی یاخیبووان لە خاکی ئێرانەوە هەڵیاندەکوتایا ناو خاکی تورکیا تاڵان و کوشتاریان دەکرد و دواتر دەگەڕانەوە بۆ ناو خاکی ئێران(Halls,1994 : 16)

دوابەدوای شۆڕشی ئارارات سەبارەت بە کاردانەوەوی ناڕەزایەتی تورکیا لە پێشهاتەکانی ناوچەکە، ئێران، نوێنەری خۆی لە سویسرا،بە ناوی عەلی فوروغی خانی، ڕاسپارد کە دەستبەجێ بچێتە ئەنقەرە و تاوتوێی ئەو پرسە بکات بۆ ئەوەی ڕووداوە سنوورییەکان دووبارە نەبنەوە جێی پرسیار، شۆڕشگێرانی هەندێک لە هۆزەکانی کورد لە ئێران هاتنە دۆغو بایەزید و هێرشیان کردە سەر یەکەیەکی تورکیا، هەروەها کۆمەڵێک سەربازی تورکیا کە لە ئەفسەر و کەسی تایبەت پێکهاتبوون، کە بەدیلیان گرتن و بردیانن بۆ ئێران . دواتر تورکیا یادداشتێکی بۆ ئێران نارد و داوای کرد لە ماوەی دە ڕۆژ دیلەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ تورکیا و ئێران مافی پەنابەری بەو کوردانە نەدات کە دەیانەوێت بچنە ئێران. ئێران بە جێبەجێکردنی داواکاری یەکەمی تورکیا رازی بوو، بەڵام بەهۆی سروشتی شاخاویی سنووری تورکیا و ئێران، پێی بەزەحمەت بوو داواکاری دووەمی بۆ جێ بەجێ بکرێت. کاتێک ئێران هیچ هەنگاوێکی لە دژی داواکاری دووەمی تورکیا نەگرتەبەر، تورکیا باڵیۆزی خۆی لە ئێران کشاندەوە .دواتر حکومەتی ئێران بە تایبەتی عەلی فوروغی خانی نارد بۆ ئەنقەرە، بەڵام نوێنەری ئێران زۆر بە ساردی لە ئەنقەرە پێشوازی لێکرا. تورکیا بەم هەڵوێستە هەوڵیدا



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

وانیشان بدات کە ئێران هەڵەیەکی کردووە و پێویستە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت. (Çetinsaya, 1995 :687-698)

ساڵی ١٩٢٩ سەرەڕای ڕێکەوتن و پرۆتۆکۆلی واژۆکراوی نێوان تورکیا و ئێران، دەبینرێت کە نەتوانرا ڕێگری لە چالاکی هۆزە کوردیەکان بکرێت لەسەر سنوورەکان. لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٩ لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ڕوویاندا، لە ٩ی نیسانی ١٩٢٩ ڕێکەوتن لەسەر دامەزراندنی کۆمیسیۆنی هاوبەشی سنووری کرا، بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکەوتن لەسەر پرسی سنووری هاوبەش، کە ماوەیەکی زۆر بوو لەگەڵ ئێران دانوستانیان لەسەر کرابوو. کۆمیسیۆن لە ساڵی ١٩٢٩دا بەردەوام بوو لە چالاکییەکانی بەدرێژایی سنوور. بە لام کارەکانی ئەم کۆمیسیۆنە سنوورییە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك. (Özgiray,1997: 300)

لە کاتێکدا پێشهاتەکان بەم ئاراستەیە دەڕۆیشتن، ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٩، بە سەرۆکایەتی سەرۆک کۆمار مستەفا کەمال، کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگی ئەنجامدا، بۆ کۆتاییهێنان بە یاخیبوونەکانی ناوچەی ئاگری. سەرۆکی ئەرکانی گشتی مارشال فەوزی و چاکماک پاشا، پشکێنەری گشتی یەکەم ئیبراهیم تالی، ئۆنگۆرێن بەی، هەروەها ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بەشداری لە کۆبونەوەکەدا کرد. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٠ ئۆپەراسیۆنی سەرکوتکردن لە ئارارات دەستپێبکرێت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئەوەی کاری پێویست لەسەر ئەم پرسە ئەنجام بدرێت (Resmi Gazete,1929: Sayı8692).

**تە وە رە ی سێیەم :شۆڕشی ئارارات و ڕۆڵی زلهێزە ناوچەییەکان لە ڕووخانی شۆڕشدا**

فاکتەرێکی دیکە کەوای لە ڕەزا شا کرد ملکەچی گوشارەکانی تورکیا بێت، جگە لە هەڕەشەی سۆڤیەت و دەست وەردانی ڕاستەوخۆیان لە شەرەکەدا، ئێران ترسی لەوە بوو سەربەخۆیی کوردستانی تورکیا ببێتە هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێرانیش، وەک دەی بینین لە سەردەمی شۆڕشی ئاراراتدا سمکۆی شکاک لە ناوچەکانی خۆی دەستی بە جوولە کرد و ڕووبەڕووی حکومەتی ئێران بویەوە. (Baibourtian, 2013: 341)

لە بەر ئەو هۆکارانە، دەسەڵاتدارانی ئێران تا ڕادەیەک دەستەوەستان بوون بە تایبەت دوای واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان هەردوو وڵات لە ساڵی 1930 کە لەو یاداشتنامەیە نەک تەنها هێزەکانی ئێرانی ڕێگە بە هێزەکانی تورکیا بدەن بۆ ئەوەی بچنە ناوچەکانی دەوروبەری چیای ئاراراتی بچووک بگرە گەیشتە ئاستی هەماهەنگی هاوبەشی نێوان هێزەکانی ئەو دوو وڵاتە بۆ هێرشکردنە سەر شۆڕشگێرانی ئارارات لە هەردوو دیوی سنوورەوە (Baibourtian, 2013:340-341) حەسەن ئەرفەع، یەکێک لە ژەنەڕاڵەکانی نزیک لە ڕەزا شا، دەڵێت: بە شام گوت: ئەگەر ڕێگە بدەین هێزەکانی تورکیا بچنە ناو ئاراراتی بچوکەوە، ئەوا خاکی ئێران زۆر لەدەست دەدەین، شا لە وەڵامدا وتی: من ئەم ئیمتیازە پێشکەش دەکەم، چونکە ئێمە بەرژەوەندی ستراتیژیمان هەیە کە لەگەڵ تورکیادا دوژمنی هاوبەش یەکمان دەخات. (Hasan,1965 :242-43)

دوابەدوای ئەم پیلانگێرییە ناوچەییە لەدژی شۆڕشگێرانی ئارارات و ڕێبەرەکەیان، ئیحسان نوری پاشاش، ناچاربوون، دوای شەڕێکی نابەرامبەر، لە ئارارات بکشێنەوە و خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێران بکەن. وادیارە سەرانی شۆڕشی ئارارات چاوەڕێی ئەوە نەبوون ئێران دەستبەرداریان بێت. (حسامی،.205-203 :1999 )

- تە وە رەی چوارەم. فاکتەری سۆڤیەت لە ڕاپەڕینی ئاراراتدا :

وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئەو ناوچەیەی لە تورکیا کە ڕاپەڕینەکە تێیدا ڕوویدا، نزیک سنووری ئەرمینیای سۆڤیەت بوو. حکومەتی سۆڤیەت لەبەر چەند هۆکارێک گرنگی بە بارودۆخی تورکیا دەدات، لەوانە پەیوەندی باشی مستەفا کەمال لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و ڕۆڵی کاریگەر و بەهێزی پارتی دەشناک دژە سۆڤیەت لە بزووتنەوەی ئاگری. پێدەچێت سۆڤیەت بڕوایان بەوە هەبووبێت کە ڕاپەڕینی کوردەکان بەهاندانی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا بووە بەتایبەت بەریتانیا.

گرنگی تورکیا بۆ ڕووسیا قوڵایەکی مێژوویی هەیە لە زۆر ڕووەوە، بە تایبەتی بوونی دوو گەرووی دەردەنێل و بۆسفۆر کە دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاست بەیەکەوە دەبەستنەوە. مستەفا کەمال توانی لە پەیمانی لۆزان ساڵی ١٩٢٣ ئەو گەرووانە بەدەست بهێنن، ئەمەش گەرەنتی بەرژەوەندی ئاسایشی نیشتمانی سۆڤیەتی کرد. لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠ مستەفا کەمال هەڵوێستیکی بێلایەنی لە ڕکابەریی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ڕۆژئاوادا گرت. ( Şükrü ,1947:290-94)

یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندییەکی گشتی پراگماتیک و هەلپەرستانەی لەگەڵ تورکیای مستەفا کەمالدا گرتەبەر، لە ڕێگەی چەند پەیماننامەیەک وەک پەیماننامەی مۆسکۆی ساڵی ١٩٢١دا پاڵپشتی شەڕی ڕزگاری تورکیای دەکرد، هاوکات هەوڵی پێشخستنی بەرژەوەندییە جیۆپۆلتیەکانی خۆیان دەدا، لەوانە ڕێککەوتنی خاکی و کاریگەریی ستراتیژی لە ناوچەکەدا. سەرەتا سۆڤیەت بەرژەوەندی هاوبەشی لە دژایەتیکردنی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی تورکیا بینی (Okyar,2017:45).

نوسەران پاکزاد وغوفرانی پێیان وایە دەست وەردانی سەربازە سۆڤیەت لە کۆمارە ئەرمەنییایی سوڤێتی دژی شۆڕشی ئارارات فاکتەری یەکلاکەرەوە بوو کە ئێرانی ڕازی کرد کە ڕێگە بە سەربازانی تورکیا بدات بچنە ناو خاکی ئێران لە نزیک ئارارات کچکە (علی غفرانی،1401، 75) نوری دەرسیمی، چالاکوانی کورد کە شایەتحاڵی ڕووداوەکانی بزووتنەوەی ئارارات بوو، هاوڕایە لەگەڵ ئەم دوو توێژەرە ئێرانییە کە لە سەرەوە باسمان کرد .دەڵێت : سوڤێت زۆر نارەحەت بوون لە هاوپەیمانی خویبون وداشناك ، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە نسکۆی شۆڕشەکە (Dersimi, 2011 282) هەرچەندە هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا (ڕێککەوتنێکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان واژۆ کردووە لە ساڵی 1926 بەڵام بەردەوام بوون لە لێکدانەوەی مەرجەکانی ئەو ڕێککەوتنە بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندییەکانیان داوایان دەکرد. بەڵام هەڕەشەکانی تورکیا و دیپلۆماسی چڕ لەماوەی 1926-1930سەرئەنجام لێکتێگەیشتنی ساڵی1930 ی لێکەوتەوە، کە کێشە سنوورییەکانی

يەکلایی کردەوە. ئەم ڕێکەوتنە دەرفەتێکی بۆ هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوو وڵات، بە پاڵپشتی سۆڤیەت، بۆ نەهێشتنی شۆڕشی ئارارات ڕەخساند199 :Ebdulrıza, 1994) )
بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر بە شۆڕشی ئارارات، پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پەیوەندی نێوان سۆڤیەت و تورکیا و سۆڤیەت و ئێران و فاکتەری ئەرمەنی لە ململانێکاندا، بە تایبەتی هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە پارتی داشناقی نەتەوەیی ئەرمنی. یەکێتی سۆڤیت لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم کۆماری سوڤێتی ئەرمنیانی دامەزراند و پارتی داشناکیان بە دوژمن دادەنا وەکو ئامرازێك بەدەست ئینگلیز وفەرەنسا. بەڵام ئاگاداربوون لەڕۆڵی گرنگی داشناك لە شۆڕشی ئارارات. ڕوسیای قەیسەری بۆ دروست کردنی شوێنپێ لە ناوچەکە، لە ڕێکەوتی 19/12/1917 دەوڵەتی ئێرانی ئاگادار کرد هێزەکانی ئێران بەجێ دەهێڵن .لە ڕێکەوتی 14/1/1918 گشت بنکەکانی لە خاکی ئێرانی هەڵوەشاندەوە، کە بە قازانجی ئێران وەستا، لە هاوینی هەمان ساڵ پەیوەندی دیبلۆماسی بەسترا، لە ڕێکەوتی 26/2/1921 هەردوولا ڕێکەوتنامەی دۆستایەتیان واژوو کرد.
بەڵام هەر زۆری پێ نەچوو پەیوەندیەکانی هەردوولا تەگەرەی تێکەوت، لە ڕێکەوتی 12/5/1927یەکێتی سۆڤیت دەستی دایە بەهێزکردنی سنوورەکانی و گشت پەیوەندێکی لەگەڵ ئێران پچڕاند، هەناردە کردنی نەوت و بەنزینی ڕاگرت، کە ئێران زۆر پێویستی پێ هەبوو. لە ساڵی 1929 فەرمانبەرێکی باڵای باڵیوزخانەی یەکێتی سۆڤیت لە دەوڵەتی ئێران وەك پەنابەر پەنای بردە بەر باڵیوزخانەی بەریتانیا لە تاران و زانیاری نهێنی زۆری سەبارەت بە ئێران لەگەڵ خۆی برد، بەمەش پەیوەندیەکان لە جاران خراپتربوو .بەشێك لە تۆڕەکانی نهێنی کۆمۆنیستە ئێرانیەکان ئاشکرا بوون (مهدوی ، 2535 ؛ 339 -3541 ،347 ،353، 369 (370).-
وا دیارە سۆڤیەتەکان خۆیبوونیان وەک ئامرازێکی ئیمپریالیزمی بەریتانیا و فەرەنسی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی خۆیان لە ئێران و تورکیا سەیر دەکرد و بەم شێوەیە هانی ئەم دوو وڵاتەیان دا و هاوئاهەنگیان کرد بۆ هێرشکردنە سەر شۆڕشی ئارارات. وەکو دیارە سۆڤیەت زۆر نارەحەت بوون لە جولانەوەی ئارارات. دبلۆماتێکی بەرزی سۆڤیەت بەم شێوەیە باسی دەکات : یاخیبوونەکانی ئاگری دەرئەنجامی فیتنەی ئیمپریالیستەکان و بە ڕووداوی تەماوی دەزانی. پارتی کۆماری ئازاد بوو بە جێی سەرنجی کاردانەوەگەرایی لە کاتێکدا سەریهەڵدا کە دراوی تورکیا بەهای لەدەست دەدا .ئیمپریالیزم ئەمجارەیان لەگەڵ جوداخوازی کوردی و مافیا کۆنەکەی داشناک کۆیان کردۆتەوە .دوو بزووتنەوە کە لە نزیکەوە پەیوەست بوون بە ئیمپریالیزمەوە، جۆری دوژمنایەتی بەرامبەر تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت لەسەر میحوەرەێک کۆبووەوە. ڕۆژئاوا، هەرێم دوو قاچی پلانەکەیان ئەوە بوو کە لە یەک کاتدا پرسی ئەرمەن و کورد چارەسەر بکەن (Perinçek, 2011: 159).
ئەوەی نارەزایی سۆڤیەت لە شۆڕشی ئارارات زیاتر کرد، ئەو بەیاننامەیە بوو کە لە کۆنفرانسی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵدا[٦] کە لە ساڵی ١٩٣٠ لە زیوریخ لە سوید بەڕێوەچوو، تیایدا هەڵوێستی تورکیای بەرامبەر کورد شەرمەزار کرد و پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان کرد .(Hasretyan. 1995: 234)سۆڤیەت دوژمنایەتی سۆسیالیزمی نێودەوڵەتی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بوو و بە سۆشیالیزمی فاشیزم ناویان دەبرد. چاپەمەنی سۆڤیەت ڕەنگدانەوەی پروپاگەندەی تورکیا بوو کە بانگەشەی ئەوە دەکرد کە ئینگلیزەکان بە تایبەتی لورنس ئەفسەری هەواڵگەری دەستی لە و شۆڕشەدا هەیە (آلاکوم،1999: 112-113 ) .

کارۆ ساسونی ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەردەمی شۆڕشی ئارارات ناوچەکە بەهاوکاری تورکی-بۆلشەفیک نەک تەنها ئاراستەکرا دژی کورد بەڵکو دژی ئێرانیش بوو .نووسیویەتی: "سەربازانی ڕووسیا لە رووباری ئاراس پەڕینەوە و پشتیوانی خۆیان بۆ تورک دەربڕی بۆ لیدانی شۆڕشی کورد .لەگەڵ ئەمەشدا دیپلۆماسیەتی هاوبەشی ڕووسیا و تورکیا فشاری خستە سەر حکومەتی ئێران کە دەست بەرداری ئاراراتی بچووک بێت بۆ تورکیا. بۆ هاوکاری لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی لە سەرکوتکردنی ئارارات. ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر بەرەنگاری ئەو فشارە سیاسییە بووەوە .پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا ئەوەندە ئاڵۆز بوو کە بۆ کاتێک جیهان زۆر نیگەران بوو لە ئەگەری شەڕی تورکی-فارس، کە دەتوانێت ئاڵۆزی گەورەی نێودەوڵەتی دروست بکات (Sasuni, 1992: 295-301 )

دەرئەنجام:

لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات شۆڕشی ئاراراتی ساڵانی1927-1930 کاردانەوە و دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە زۆرەملێیە بووە کە حکومەتەکەی مستەفا کەمال لە دوای شۆڕشی شێخ سەعید دژ بە کورد پراکتیزەی کرد، کە ئامانجی نەهێشتنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بوو.

هەروەها شۆڕش ڕەهەندی ناوچەیی هەبوو، بە تایبەتی قەیرانێکی قووڵی لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێراندا دروستکرد کە نزیک بوو لە ململانێی چەکداری. شۆڕشی خۆیبوون لە سەرەتادا ناکۆکی مێژوویی لەسەر دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان تورکیا و ئێرانی لێکەوتەوە و ئاڵۆزتری کرد. هەروەها دەرفەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە ڕەخساند، چونکە هەردوو وڵات دەرکیان بەوەکرد، کە پرسی کورد هەڕەشەیەکی جیددیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی خۆیان. هاوکاری و هاوپەیمانی نێوان تورکیا و ئێران و سۆڤیەت لە سەردەمی شۆڕشدا، سەرەتای سیاسەتی هاوپەیمانی ناوچەیی دژ بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد بوو بە درێژایی سەدەی بیستەم شەرعیەت پێدا و تا ئێستاش بەردەوامە .هەروەها لە توێژینەوەیە دەرکەوتووە کە بزووتنەوەی کوردی هەندێکجار هەوڵدەدات ململانێ ناوچەییەکان بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە، بەڵام ئەم سیاسەتە پڕە لە مەترسی، چونکە ئەو جوگرافیا سیاسییەی بزووتنەوەی کوردی تێیدا کار دەکات، نەفرەتێکە بۆی، هەروەها لەبەر ئەوەی بوونی کورد لە چوار دەوڵەتی ناوچەییدا بێبەشی دەکات لە هاوپەیمانێکی ناوچەیی .پێدەچێت سەرکردەکانی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

خۆیبوون لەو واقیعە تاڵە تێنەگەیشتبن و بەمجۆرە گرەوێکی خراپیان لەسەر ئێران کرد بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی سەربەخۆ.

هەروەها لە سەردەمی شۆڕشی ئاراراتدا، بەرژەوەندییەکانی کورد بوونە قوربانیی ململانێی نفوز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان زلهێزەکان. وەک لە سەرەوە بینیمان دەوڵەتی سۆڤیەت، لە هەوڵدا بوو بۆ لاوازکردنی نفوزی بەریتانیا و فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پشتیوانی ماددی و سیاسی و سەربازی تورکیای لە دژی شۆڕشگێڕان و دژی ئێران پێشکەش کرد.

هەرچەند هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی دەشناک هەندێک توانای ماددی و لۆجستیکی بۆ شۆڕش دابین کرد، بەڵام نارەزایی سۆڤیەت بەرامبەر بە کوردیشی لێکەوتەوە. وئەم توێژەرانە لەگەڵ قسەکانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو کاتێک پێنج دەیە لەمەوبەر هاوپەیمانی خۆیبوون لەگەڵ دەشناک بە هەڵەیەکی ستراتیژی کوشندە وەسف کرد (قاسملو، ١٩٧٠ :63 -162)

لە کۆتاییدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە لە پێشەکی توێژینەوەیەدا سەبارەت بە ڕادەی ئەو پشتیوانییەی ئێران بۆ شۆڕشگێڕانی کورد وروژاندمان، دەڵێین بەڵێ، جۆرێک لە بێبایەخکردن لە لایەن ڕەزاشاوە هەبوو بۆ ئەو پشتیوانییەی کە حکومەت بۆ شۆڕشگێڕانی کورد پێشکەشی دەکرد، بەڵام پشتیوانیکردن لە شۆڕشی کورد لە ئەولەویەتەکانی ڕەزاشادا نەبوو .سیاسەتی مۆدێرنیزاسیۆن و بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی پشتبەستن بە پشتیوانی تورکیا لەم بوارەدا بۆ ئەو گرنگتر بوو لە ململانێی سنووردارکردنی سنوورەکان.




مخطط يبين منطقة (كردآفا) التي حررها الثوار الكرد بمساعدة الأرمن في ثورة آكري بقيادة الجنرال إحسان نوري باشا

**Surye Bederkhan, The case of Kurdistan Aginst Turkey. P47 .**

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/العدد ٦




مخطط يبين منطقة (كردآفا) التي حررها الثوار الكرد بمساعدة الأرمن في ثورة آكري بقيادة الجنرال إحسان نوري باشا

**Surye Bederkhan, The case of Kurdistan Aginst Turkey. P47 .**

[1] مستەفا كەمال ناسراو بە ئەتاتورك (١٨٨١ ـ ١٩٣٨): لەدايكبووی ناوچەی سالۆنيك لە كشوەری ئەوروپای ئيمپراتۆريەتی عوسمانی، ساڵی ١٩٠٥ بە پلەی مولازمی دووەم لە كۆلێژی سەربازی ئستانبۆل دەرچووە، ساڵی ١٩١٠ ئەندامی شاندێكی سەربازی بووە كە سەردانی فەڕەنسای كردووە، بەشداری شەڕی ساڵی ١٩١١ تەرابلۆسی ليبيا، ساڵانی ١٩١٢ ـ ١٩١٣ ناوچەی بالكان كردووە،ساڵی ١٩١٣ فەرماندەی لەشكری نۆيەم بووە، ساڵانی ١٩١٩ ـ ١٩٢٢ فەرماندەی شەڕ دژی يونانيەكان لە ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی كردووە. ساڵانی ١٩٢٣ ـ ١٩٣٨ وەك سەرۆك كۆماری توركيا چوويتە سەر تەخت. (سيف الدين، ٢٠٠٩: ٣٠).ل

[2] پارتی ئازادی بە كوردی واتە پارتی ئازادييەتی، يانCemiyeta Azadîya Kurdistan ، دامەزرابوو لە ساڵی ١٩٢٣ لە ناوچەی بايزيد و دياربەكر لەلايەن ئەو كەسانەی كە سەرباز و زەلامی نەتەوەيی بوونە.

بە شێوەيەكی فەرميدا ناوی تەواوی پارتييەكە بوو:

( "Cemiyeta Azadîya Kurdistan"يعنی يەكێتيی ئازاديی كوردستان)

⊛دامەزرێنەران و رێبەرە سەرەكی

ئەمين ئەلی بێگ (ئافسەرێكی بەرز لە ژەندەرميی عوسمانی)

خالد بێگ جیبری

محمود بێگ

حاجی حەمید

و چەند نەتەوەپەروەر و ئافسەری کوردی تر لە دیاربەکر، ماردین و موش.

ئەوان ئەندامانی پێشووی تشرەفی کورد و خویبون بوون، بەڵام پارتی ئازادی لەوانەیە یەکێک لە یەکەم تەنظیمە نەتەوەییەکانی نوێی باکوور بێت.

◇ ٢ .ئەم پارتییە و هەدفە سیاسییەکانی

پارتی ئازادی دەتوانرێت بڵێین خۆی بە ناوەیەک دەخستە پێش بۆ:

دەرخستنی کوردستان لە ژێر حاکمیەتی تورکیا؛

دامەزراندنی حکومەتی کوردیەکی سەربەخۆ؛

پشتگیری لە ئاینی ئیسلام بە هاوپەیی نەتەوەیی؛

پشتیوانی لە خەڵکی ئامادەبوو بۆ ڕاپەڕین بە پێناوی شەریفەتی و دینی و نەتەوەیی.

لە ڕەوشە سیاسییەکەیدا، پارتی ئازادی بەشێوەیەکی ناونیشانی دینی بەکاردەهێنا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاپەڕینە، چونکە ئەو کاتە تورکیا تازە سیستەمی لەئیکی مصطفی کەمەل پاشای تێدا دەستپێکردبوو، و ئیسلامیان دژایەتیان بە مەدەنیەت و هێزە تورکی نوێیان دەکرد

McDowall, David. A Modern History of the Kurds. London: I.B. Tauris, (. 2004;Olson, Robert. The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925. University of Texas Press, 1989.)

[٢]میر جەلادەت کوڕی محەمەد ئەمین عالی بەدرخان : (١٨٩٣ ـ ١٩٥١) لەدایکبووی شاری ئستانبۆلە، دەرچووی زانکۆی سەربازی ئستانبۆل، بەکالۆریۆس و ماستەری ماف لە زانکۆی ئستانبۆل، بۆ تەواو کردنی خوێندن ڕوو دەکاتە ئەڵمانیا، ساڵی ١٩٢٥ بەشداری لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی کردووە، ساڵی ١٩٢٧ بە سەرۆکی کۆمەڵەی خۆیبوون هەڵدەبژێرێتن، ساڵی ١٩٢٩ ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی لوبنان بووە، ساڵی ١٩٣٢ گۆڤاری هاوار و ڕوناهی لە چاپ دەداتن، ساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ ڕەوشەن بەدرخان ئاموزای هاوسەرگیری دەکاتن، لە کۆتایی ژیانی خەریکی کاری ئەدەبی کوردی بووە. جبار قادر، أوراق جلادت وروشن بدرخان، دار الزمان للطباعة والنشر، دمشق، ٢٠٢١، ص ص ١٩، ٢٣ ؛ شرفاني،2018: 108 ،

میر دکتۆر کامران عالی ئەمین بەدرخان: (١٨٩٥ ـ ١٩٧٨) لە دایکبووی شاری ئستانبۆل، لە شاری پاریس کۆچی دوایی دەکات، ساڵی ١٩١٢ وەك ئەفسەری سوپای عوسمانی بەشداری شەڕی بالکان دەکا، لە دامەزرێنەرانی جەمعیەتی تەعالی و تەرقی کورد بووە، بەشی ماف لە زانکۆی لایپزیکی ئەڵمانیا تەواو دەکا، لە شاری بەیروت بە کاری پارێزەری مژول بووە، ساڵی ١٩٢٧ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خۆیبوون بووە، ساڵی ١٩٤٣ ڕۆژنامەی ڕۆژا نو و ستێر لە بەیروت لە چاپ داوە، ساڵی ١٩٤٧ لە زانکۆی سۆربۆن دەبی بە مامۆستای زمانی کوردی، و دواتر دکتۆرا بەدەست دەهێنی، ساڵانی ١٩٦٤ ـ ١٩٧٥ وەك نوێنەری تایبەتی مستەفا بارزانی لە پاریس بووە. لەگەڵ میرزادەیکی پۆڵۆنی هاوسەرگیری دەکات. کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان ، ٢٠٠٧: ٣٤ ،(شرفاني، ٢٠١٨: ٩-٨ ١٠٩ ؛ عثمان، : ٣٣ ـ ٣٤).

[٤] حزبی داشناك: حزبی داشناكتسوتیون كه له نێوان خەڵك به كورت كراوی داشناك دەناسرێ له ساڵی ١٨٩٠ له تەفلیس دامەزراوە، به حزبێكی توندڕەو ناوبراوە، یەكێك له سەركردە به ناوبانگەكانی دكتۆر ئەلكساندەر ئەتابگیان (١٨٦٨ ـ ١٩٤٠) بووە. له ئێرانی سەردەمی قاجار چەندین لقیان هەبووە، به ناوبانگترینیان له شارەكانی تەورێز، ڕشت و تاران بووە. خاوەن دەستەی چەكدار بوون، بەشداری له دامەزراندنی حزبی دیموكراتی ئێران كرد بەر له جەنگی یەكەمی جیهانی، ڕۆڵێكی بەرچاویان له ڕێكخستنی شۆڕشی مەشروتەی ئێران له ساڵی ١٩٠٦ دژ به دەسەڵاتداریەتی قاجار بینیووە بێ بەشداری ئەوان ئەستەم بوو ئەم شۆڕشە سەركەوێ، له دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیال دیموكراتی ئێران جێ پەنجەیان دیارە. خسرو شاكری، چلنگریان و درویش، ١٣٨٨: ١٥، ١٧، ٢٥ ـ ٢٦.

[٥]ناوەڕاستی بیستەكانی سەدەی ڕابردوودا ژمارەیەك له ناسیۆنالیستی كورد دەستیان كرد به پێناسە كردنی ئێران وەك هاوپەیمانی سروشتی كورد له بەرامبەر عەرەب و توركی "نامۆ"، جەختیان لەسەر لێكچوونە زمانەوانییەكانی نێوان كورد و فارسی و هەروەها پەیوەندییە گوایە مێژوویی و ڕەگەزییەكان دەكردەوە. له هەمان كاتدا، له هەنگاوێكدا كه دەكرێ به بناغەی "پان ئێرانیزم" وەسف بكرێت، بەشێك له ناسیۆنالیستە ئێرانییەكان پێشوازییان له پێكهێنانی قەوارەیەكی كوردی-"دەوڵەتێكی بچووكی ئێرانی"- له ناوچە كوردنشینەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا وەك بەرپەرچدانەوەیەك بەرامبەر به پان توركیزمی باكوور و پان عەرەبیزمی باشوور پێشوازییان لێكرد.

زۆر به كورتی ئەم چەمكە نوێیە لەگەڵ هەڵگیرسانی یاخیبوونێكی نوێی كورد له دژی توركەكان به سەركردایەتی ئیحسان نوری پاشا كه خۆی ناسیونالیستی كورد و خاوەن نزیكایەتی لەگەڵ ئێران بوو، تاقیكردنەوەیەكی جددی بەسەردا هات. ناوەندی یاخیبوونەكە له زنجیرە چیای ئارارات بەدرێژایی بەشی دووری باكووری سنووری توركیا و ئێران بوو. بەو پێیەی یاخیبووان ئێرانیان به بنكەیەكی پارێزراوی ئۆپەراسیۆن دەزانی، بەرپرسانی ئێران پێیانوابوو كه له دانوستانە پێچاوپێچەكانیان لەگەڵ توركەكاندا سەبارەت به دیاریكردنی سنوورەكان و لەنێو پرسە هەڵپەسێردراوەكانی دیكەدا، ئامرازێكی تاڕادەیەك بەسوودیان دۆزیوەتەوە. بەڵام هەر زوو گرژییەكانی نێوان ئێران و توركیا پەرەی سەند و تاران ڕێبازی "پان ئێرانی"ی له بەرژەوەندی هاوكاری لەگەڵ توركەكان فڕێدا. كۆریدۆرێك له ڕێگەی خاكی ئێرانەوە كرایەوە بۆ ئەوەی هێزە سەربازییەكانی توركیا بچنە ژوورەوە و لێی بدەن له كورد بۆ ملكەچبوون. (Bayat 1985:98-54 )

[٦]سۆسیالیستی ئینتەرناشەناڵ یەكێتییەكی نێودەوڵەتییە كه له ساڵی ١٩٥١ دامەزرابوو له شوێنی فرانكفورت، بۆ یەكخستنی ئەو پارتیانەی كه به ئیدیۆلۆژیای سۆسیال-دەموكرات، سۆسیالیست یان كارگەر پەیوەندیدارن. ئەم یەكێتییە پەیوەندیدارە به پەیوەندییەكی میراتی له ئەولەین ئینتەرناشەناڵی كارگەرەكان (١٨٦٤) و دووەم ئینتەرناشەناڵ (١٨٨٩).

دەستەكارەكانی:

هەدفی سەرەكییەكەی گەشەدانەوەی دیموكراسیی سۆسیالیستی، مافە مرۆڤ و دادپەروەریی ژینگەییە.

پارتییە سۆسیالیستی و سۆسیال-دەموكراتی جیهان پێكدێنێت، بەتایبەتی له ئەورووپا، ئەمریكا و ئەفریقا.

## لیستی سەچاوەكان:

### زمانی كوردی:


- ئەبو شەقرا، صلاح عصام .(2004) كورد گەلی مەینەتییەكان، وەرگێرانی جاسم محەمەد محەمەد عەلی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، هەولێر.
- بێشەكچی، ئیسماعیل .(2023) دابەشكاریی ئیمپریالیستی لەسەر خاكی كوردستان 1915 – 1925.وەرگێرانی فەرهاد چۆمانی، وەقفی ئیساعیل بێشەكچی، هەولێر.
- پاڤیچ، ڕادوڤان .(1986) جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی كورد .وەرگێرانی محمود ملا عزت، چاپی دووەم، دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری كۆمەڵە، سوید.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- داقووقی، ئیبراهیم .(2012) کوردی تورکیا .وەرگێرانی عەزیز کاکەیی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- حسامی، کەریم .(1999) کورد لە گە مە ی دەوڵە تاکنی زلهیز و حکومە تانی ناوچە دا .میدیا تیك، ستوکهولم.
- سیف الدین، بیار مصطفی .(2009) کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا – تورکیا .وەرگێرانی سەرمەد ئەحمەد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، غەفور .(2008) جوکرافیای کوردستان .چاپی پێنجەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان 1933 – 1918 .(2007) لە بەڵگەنامەکانی هە ردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فەرانسادا .ئامادەکردنی نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژینە، سلێمانی.
- گیسارۆڤ، م.أ .و رگووشین، أ .(2001) .کوردی تورکیا، وەرگێرانی جەلال تەقی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- نوری پاشا، ئیحسان .(1993) شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا .وەرگێرانی جەمیل ڕۆژبەیانی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بغداد.
- نوری پاشا، ئیحسان .(2001) بیرەوەرییەکانی ئیحسان نوری پاشا .وەرگێرانی وریا قانع، موکریاني، هەولێر.

سه رچاوه بەزمانی عه ربی:
- آلاكوم، روهات .(1999) خويبون وثورة آگري .مراجعة شكور مصطفى، رابطة كاوا للثقافة الكردية، أربيل.
- أحمد، كمال مظهر .(2001) انتفاضة 1925 في كردستان تركيا .دار كاوه، بيروت.
- البوتاني، عبدالفتاح علي .(2004) الحركة القومية الكوردية التحررية .دار سپيريز للطباعة والنشر، أربيل.
- ديرشەوي، محمد عامر .(2016) البنية الدينية ـ السياسية في كوردستان .مطبعة هيڤي، أربيل.
- قاسملو، عبدالرحمن .(1970) كردستان والاكراد :دراسة سياسية واقتصادية . المؤسسة اللبنانية للنشر، بيروت.
- كوني رەش، جمعية .(2000) خويبون 1927 وقائع ثورة آرارات .1930 مطبعة خەبات، دهوك.
- عثمان سلمان ،( ١٩٩٢ ) الأمير جلادت بدرخان حياته وفكره ، مطبعة الكاتب العربي ،دمشق
- شرفاني، برهان نجم الدين ( ٢٠١٨ )سوريا خلال الانتداب الفرنسي ١٩٢١ ـ ١٩٤٦، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد،

-
- لازاريف، م.س .(2006) .النضال والإخفاق :المسألة الكوردية في سنوات 1923 – 1945.ترجمة صادق الحداد، مركز ژين، السليمانية
- ملك يوسف .(2008) كردستان أو بلاد الأكراد .مراجعة ومقدمة د .عزالدين مصطفى رسول، الطبعة الثانية، مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، السليمانية.
- مسألة إبادة الأرمن أمام المحكمة .(2008) ترجمة غسان نعسان .مراجعة فاضل كريم أحمد، مكتب الفكر والوعي في الاتحاد الوطني الكردستاني، السليمانية.

زمانى فارسى:

- اداره پنجم شاهنشاهى .تحولات روابط دولت شاهنشاهى ايران با كشورهاى افغانستان، بنگلادش، پاكستان، تركيه، سريلانكا، نپال و هند، در پنجاه سال شاهنشاهى پهلوى.
- احمدى، امير .(1373) خاطرات نخستين سپهبد ايران احمد امير احمدى .به كوشش غلامحسين زرگرى نژاد، مؤسسه پژوهش و مطالعات فرهنگى، تهران.
- اولسن، رابرت .(1377) قيام شيخ سعيد پيران .ترجمه ابراهيم يونسى، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران.
- Bayat, Kaveh (1985). Shouresh-E Kordha-Ye Turkieh Va Ta'sir An Bar Ravabet-E Khareji-E Iran. Tehran: Nashr-E Tarikh-E Iran.
- Ebdulrıza, H. M. (1994). Siyaseti Hariciye İran Der Dourane Pehlevi. Tehran: Neşre Elborz.
-
- دهنوى، نظام على .(1388) اسناد روابط ايران و تركيه .مركز اسناد وزارت خارجه، تهران.
- رحيم، پاكزاد و علي، غفراني .(2022) موضع دولت پهلوى در قبال شورش ارارات و ترسيم مرزهاى شمال غرب ايران .(1309–1320) در :مطالعات تاريخى جنگ، شماره8.
- سيستانى، ايرج افشار .(1369) نگاهى به آذربايجان غربى .جلد اول، مؤسسه انتشاراتى و آموزش نسل دانش، تهران.
- شاكرى، خسرو، آرشاوير چلنگريان و تيگرات درويش .(1388) نقش ارامنه در سوسيال دموكراسى ايران .(1905–1911) تاريخ معاصر ايران، تهران.
- شرفكندى، صادق .(1395) تاريخچه جنبش‌هاى ملى كرد از قرن نوزدهم تا پايان جنگ جهانى دوم .أربيل.
- گورگاس، ژوردى تژل .(1395) كردهاى در سوريه .ترجمه آزاد حاجى آقايى، انتشارات رامان سخن، سقز.
- مهدوى، عبدالرضا هوشنگ .(2535) تاريخ روابط خارجى ايران .كتابفروشى سيمرغ، چاپ دوم، تهران.

- وان بروبين سن، مارتين .(1379) جامعەشناسی مردم کرد .ترجمە ابراهیم یونسی، چاپ دوم، نشر پانیذ، تهران.

زمانی انگلیزیی:

- Arfa, Hasan (1965). Iran Under Five Shahs. New York: William Morrow & Co.
- Entessar, Nader (1992). Kurdish Nationalism. London: Lynne Rienner Publishers.
- F.O, 424/273, P.52–54, No. 711, Tahran'da İngiliz Askeri Ataşesi Yarbay Dodd'un Kürt.
- Hasretyan, M.A. (1995). Ararat Bölgesındekı Ayaklanma Ö Berlın Ö.
- Jwaidedh, Wadie. The Kurdish National Movement. Syracuse, N.Y.: Syracuse University Press, 2006.
- Karaca, Emin (2013). Ağrı Eteklerinde İsyan. Puslu Yayıncılık, Paperback.
- Olson, Robert W. (1998). The Kurdish Question and Turkish-Iranian Relations: From World War I to 1998. California: Mazda Publishers.
- Özgiray, Ahmet (1995). "Turkish - Iranian Political Relations in the Light of British Documents." Journal of Atatürk Research Center, XI, 687–698.

زمانی تورکی:

- Temmuz. Cumhuriyet, 1930. Cumhuriyet İnternet Arşivinden Alınmıştır. (http://www.cumhuriyetarsivi.com
- Akif Bal, Mehmet (2022). "Milli Mücadele'nin Gizli Teşkilatı: Karakol Cemiyeti (1918-1920)." Türk Dünyası Araştırmaları, 130(256), Ocak–Şubat.
- Baibourtian, Vahan (2013). The Kurds, The Armenian Question, and The History of Armenian-Kurdish Relations. Ottawa.
- Bozdağ, İsmet (2009). Kürt İsyanları. İstanbul: Truva Yayınları.
- Bülent, Şener. Ağrı İsyanı (1926–1930) ve Türkiye–İran Krizi (1930): Türk Dış Politikası Üzerindeki Etkileri.

- Celal, Metin (2021). "Atatürk Dönemi Türkiye–İran İlişkileri." Atatürk Ansiklopedisi.
- Cumhurbaşkanlığı Arşivleri (1936) (CA, 01008547, 1, 568706, 16 Haziran 1936; CA, 01008547, 2, 568706, 23).
- Çetinsaya, Gökhan (1999). "Atatürk Dönemi Türkiye–İran İlişkileri." Avro-Asia, 5.
- Değerli, Esra Sarıkoyuncu (2008, Aralık). "Ağrı İsyanlarında Yabancı Parmağı (1926–1930)." SDÜ Fen Edebiyat Fakültesi Sosyal Bilimler Dergisi, 18, 113–132.
- Elhan, Nail & Karaoğlu, Orhan (2016). "Dostluk, Türkiye–İran İlişkileri, Atatürk, Rıza Pehlevi." İran Çalışmaları Dergisi, 6(2), 203–226.
- Garo, Sasuni (1992). Kürt Ulusal Hareketleri ve 15. Yüzyıldan Günümüze Ermeni–Kürt İlişkileri. Med Yayınları, İstanbul.
- Hall, S. (1994). "İdeolojini Yeniden Keşfi: Medya Çalışmalarında Baskı Altında Tutulanların Geri Dönüşü." In Medya, İktidar, İdeoloji (Derl. Mehmet Küçük). Ankara: Ark Yayınevi.
- Hasretyan, M.A. (1995). Ararat Bölgesindeki Ayaklanma. Berlin, s.234.
- Nuri Dersimi (2011). Kürdistan Tarihinde Dersim. Ani Matbaası, 1952; Original from Indiana University.
- Okyar, Osman (2017). Milli Mücadele Dönemi Türk–Sovyet İlişkilerinde Mustafa Kemal (1920–1921). Ürün Bilgileri.
- Perinçek, Mehmet (2011). Sovyet Devlet Kaynaklarında Kürt İsyanları. Kaynak Yayınları No. 609, 1. Basım: Kasım.
- Resmi Gazete,(1929 ) Sayı: 8692, Tarih: 29.12.1929.
- Şimşir, B. (2020). Kürtçülük II (1924–1999). Ankara: Bilgi Yayınevi.
- Tarazkoohi, H. S. & Jafarzadeh, M. (2012). "Monasabet-I Seyasi Emniyet-I İran ve Türkiye Der Rastaye Tebdil Şoden-I Be Godret-I Mentaqa-I." Fasl-Nameye Modiriyet Va Pajoohoshaye Defai Daneshkedeh Va Pajoohesh-Kedeye Defai (Dafoos), 12(71), 37–64.
- TBMM Zabıt Ceridesi, C. 27, Devre: II, İçtima Senesi: IV, Sekizinci İçtima, 22.11.1926.

- TBMM Zabıt Ceridesi, C. 33, Devre: II, İçtim

List of sources:

Kurdish Language:

- Abu Shaqra, Salah Essam (2004). Kurd People of Suffering, translated by Jassim Mohammed Mohammed Ali, Directorate of Translation House, Erbil.
- Beşekçi, Ismail (2023). Imperialist division of Kurdistan 1915 – 1925. Translated by Farhad Chomani, Isael Beshakchi Foundation, Erbil.
- Pavic, Raduvan (1986). Kurdish Liberation Movement. Translated by Mahmoud Mullah Ezzat, second edition, Komala Cultural Center, Sweden.
- Daquqi, Ibrahim (2012). Kurdish of Turkey. Translated by Aziz Kakeyi, Mukriani Research and Publishing Institute, Erbil.
- Hossami, Karim (1999). Kurds in the game of individual powers and regional governments. Media Tech, Stockholm.
- Saifuddin, Byar Mustafa (2009). The Kurdish Issue in US-Turkey Relations. Translated by Sarmahd Ahmad, Mukriani Research and Publishing Institute, Erbil.
- Abdullah, Ghafoor (2008). Geography of Kurdistan. 5th Edition, Mukriani Research and Publishing Institute, Erbil.
- Kurdish Associations and Organizations (2007). 1918 – 1933 in documents of both the British and French Foreign Ministries. Prepared by Najaty Abdullah, Zhina Center, Sulaimani.
- Gisarov, M.A. and Rgushin, a. (2001). Turkish Kurdish, translated by Jalal Taqi, General Directorate of Printing and Publishing, Sulaimani.
- Nuri Pasha, Ihsan (1993). Kurdish National Revolution in Turkey. Translated by Jamil Rojbayani, Kurdish Culture and Publishing Institute, Baghdad.
- Nuri Pasha, Ihsan (2001). Memoirs of Ihsan Nuri Pasha. Translated by Warya Qane, Mukriani, Erbil.

Source in Arabic:

- Alakum, Ruhat (1999). Khoybun and Fire Revolution. Reference Shukur Mustafa, Kawa Association for Kurdish Culture, Erbil.
- Ahmad, Kamal Mazhar (2001). Uprising 1925 in Kurdistan Turkey. Dar Kaveh, Beirut.
- Al-Butani, Abdul Fattah Ali (2004). Kurdish National Liberation Movement. Dar Spiris Printing and Publishing House, Erbil.

- Dirshawy, Mohammed Amer (2016). Religious-Political Foundations in Kurdistan. Heavy Printing House, Erbil.
- Qasemloo, Abdulrahman (1970). Kurdistan and Kurds: Political and Economic Studies. Lebanese Publishing House, Beirut.
- Black Hole, Jamia (2000). Khoybun 1927 Events of the Ararat Revolution 1930. Khabat Printing House, Duhok.
- Osman Salman, (1992) Amir Executioner Badr Khan's Life and Thought, Arab Writer Printing House, Damascus
- Sharfani, Burhan Najmuddin ( 2018 )Syria through the French Revolution 1921 - 1946, Dar al-Zaman Printing and Publishing and Distribution, Baghdad,
-
- Lazareff, M.S. (2006). Struggle and Ikhfaq: The Kurdish Issue in the Years 1923 – 1945. Translated by Sadiq Al-Haddad, Zhin Center, Sulaimani
- Malik Yousef (2008). Kurdistan or the Kurdish country. Reference and introduction Dr. Ezz al-Din Mustafa Rasool, Second Edition, Thought and Enlightenment Office at Kurdistan National Union, Sulaimani.
- The Armenian Imam of the Court (2008). Translation Ghassan Nassan. Reference Fazel Karim Ahmad, Thought and Enlightenment Office at Kurdistan National Union, Sulaimani.

- Bayat, Kaveh (1985). Shouresh-E Kordha-Ye Turkieh Va Ta'sir An Bar Ravabet-E Khareji-E Iran. Tehran: Nashr-E Tarikh-E Iran.
- Ebdulrıza, H. M. (1994). Siyaseti Hariciye İran Der Dourane Pehlevi. Tehran: Neşre Elborz.
-
- Dehnavi, Nizam Ali (1388). Documents of Iran-Turkey Relations. Ministry of Foreign Affairs Documents Center, Tehran.
- Rahim, Pakzad and Ali, Ghafrani (2022). The Pahlavi Government's Position on the Ararat Rebellion and the Delineation of the Borders of Northwest Iran (1309–1320). In: Historical Studies of War, Issue 8.
- Sistani, Iraj Afshar (1369). A Look at West Azerbaijan. Volume One, Nashr-E Danesh Publishing and Education Institute, Tehran.
- Shakeri, Khosrow, Arshavir Chalengrian and Tigrat Darvish (2009). The Role of Armenians in Iranian Social Democracy (1905–1911). Contemporary History of Iran, Tehran.
- Sharafkandi, Sadegh (2016). History of Kurdish National Movements from the Nineteenth Century to the End of World War II. Erbil.

- Gorgas, Jordi Tejl (2016). Kurds in Syria. Free translation by Haji Aghaei, Raman Sokhan Publications, Saqqez.
- Mahdavi, Abdolreza Houshang (2016). History of Iranian Foreign Relations. Simorgh Bookstore, 2nd edition, Tehran.
- Van Bruijnsen, Martin (2000). Sociology of the Kurdish People. Translated by Ebrahim Younesi, 2nd edition, Paniz Publications, Tehran.